سودانی جەخت لەسەر پشتگیری عێراق بە لوبنان دەکاتەوە

محەمەد شیاع سودانی " سەرۆک وەزیران،پیرەزبایی لە "جۆزەف عەون " سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی لوبنان کرد، بە بۆنەی هەڵبژاردنی وەک سەرۆک کۆماری لوبنان، جەختیشی لەسەر پشتگیری عێراق بە لوبنان لە هەموو بوارەکاندا کردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا تیایدا هاتووە : "محەمەد شیاع سودانی" سەرۆک وەزیران، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ "جۆزەف عەون " سەرۆکی لوبنان ئەنجامدا و پیرەزبایی لەکرد بە بۆنەی هەڵبژاردنی وەک سەرۆک کۆماری لوبنان.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، لە پەیوەندییەکەدا "سودانی" جەختی لەسەر قووڵی پەیوەندییە برایەتییەکانی نێوان عێراق و لوبنان و گرنگی پەرەپێدان و بەهێزکردنی بە پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەردوو وڵاتی برا کردەوە.

هەربەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە "سودانی" جەختی لەسەر پشتگیری عێراق بە لوبنان لە هەموو بوارەکاندا کردەوە، ئاماژەشی بە پێویستی کارکردن بە سەقامگیری لوبنان کرد بە تێپەڕاندنی ئەو مەینەتیانەی کە لەئەنجامی ئەو جەنگەی دوایی دووچاری بوو.